# ابو ئەمیریان تیرۆر کرد، چونکە رەمزی ئامان بوو!

تیرۆری درندانەی ابو امیر لەلایەن هیزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو دامو دەزگاکانی دەسکەلایانەوە، هەرەشەیەکی ئاشکرای ئەمریکاو حکومەتە دەستسازەکەیەتی لە هەر کەسو هیزو لایەنیك کە بۆ ئەمنیەتی خەلك‌و ئازادیو کۆتایهینان بە داگیرکاری هەولدەدات. ئەم جۆرە ملهوریەی ئەمریکا کە رۆژانە دوپات دەبیتەوە، دەبی لەگەل کاردانەوەیەکی سیاسیو کۆمەلایەتی فراوان بەرەوروو بیتەوە، نە تەنها لە ئاستی ناوخۆی عیراقدا، بەلکو لە ئاستی جیهاندا. نەبونی کاردانەوەیەکی بەم جۆرە دەستی ئەمریکاو حکومەتی دەستسازی بۆ ملهوریو تیرۆرو تاوانکاری ئاوەلا دەهیلیتەوە.

ابو ئەمیر وەکو فەرماندەی هیزی ئەمان، لە روانگەی ئەمریکاو حکومەتە دەستسازەکەیەوە، تاوانبار بوو بەوەی کە لە نیو ئەو سیناریۆ تاریك‌و کارەساتبارەدا کە ئەوان خولقاندویانە، لە هەر جیگایەك بوایە مایەی ئەمنیەت‌و ئامان بوو بۆ خەلکەکەی. ابو ئەمیر وەکو کادریکی رابەری کۆنگرەی ئازادی عیراق، جەسورانە لە ژیر ئالای کۆنگرەدا بۆ ئازادیو رزگاریو بەرگری لە گیانی خەلکی عیراق تیکۆشا. لە هەر جیگایەك هەرەشەیەك رووبەرووی خەلکی مەدەنی بوبیتەوە، لەگەل گەیشتنی هەوالەکەیدا ابو امیر دەستبەجیو بیسلکردنەوە هیزی ئەمانی دەگەیاندە فریایانو لە مەترسی دوری دەخستنەوە. تا ئیستا هیزی ئەمانە بە فەرماندەیی ابو امیر گیانی دەیان هاولاتی لە مەرگ‌و تیرۆریزمی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیو باندە ئینسانکوژە تائیفیەکان رزگار کردوە.

دەرکەوتنی کۆنگرە وەکو هیزیکی سیاسی چەپو سکولارو ئازادیخواز، کە پەیگیرانە بەرامبەر داگیرکاری ئەمریکاو هیزە ئیسلامیو قەومیەکانی گویلەمشتی ئەو و کارکردی چەپەلیان راوەستاوە، وەکو هیزیك کە رۆژانە زیاترو زیاتر دەبیتە جیگای ئومیدی جەماوەری ستەمدیدەی خەلکی عیراق‌و بە فراوانی کریکارانو لاوانو ژنانو خەلکی ئازادیخوازو بە دەنگهاتوو لە دەست داگیرکاریو نائەمنیو تیرۆرزم‌و ملهوری، پیوەی پەیوەست دەبن، وەکو هیزیکی چەپ کە خەریکە قوتبیکی جیهانی لە دژی جەنگ‌و داگیرکاری ئەمریکا شکلپیدەدات‌و توانیویەتی ئالوگۆریکی گەورە لە بۆچونو رای بزووتنەوەی دژی جەنگ لە ئاستی دنیادا پیکبهینیت. رۆژ بەرۆژ دەبیتە جیگای تورەییو بیزاریو قینی ئەمریکاو هیزو دەزگا گویلەمشتەکانیو دەکەویتە بەر پەلاماری پیلانگیرانەیان.

چەند هەفتە لەمەوبەر بوو کە هیزی هاوبەشی ئەمریکاو حکومەتە دەستسازەکەی، پەلاماری بنکەی سەرەکی کۆنگرەی ئازادی عیراقیان دا. ئەمرۆش وا جاریکی تر لە نیوەی شەودا، بە پیی پیلانیکی لە پیشدا داریژراو ملهورانە هەلدەکوتنە سەر مالی فەرماندەی هیزی ئەمانو گولەبارانی دەکەن.

بە شایەتی هەموو خەلکی گەریك ابو امیرو هیزەکەی مایەی ئەمنیەتی ئەو گەرەکە بوون، ئەو گەرەکەی کە بنکەی هیزی ئەمانی لیبوو تەنها گەرەکیکە کە لە شاری بەغدای ویران کراودا خەلکەکەی هەستیان بە ئامان کردوەو تا ئیستا لە هەموو جۆرە ئیرهاب‌و شەرو کوشتاریکی تائیفی دور گیراون. لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا چەند جاریك باندە تائیفیە ئیسلامیەکان بە مەبەستی کیشدانی شەری تائیفی بۆ ئەو گەرەکە هەولیانداوە بنکەی چەکدار لەو گەرەکە بکەنەوە. بەلام ابو امیرو هیزی ئەمان ریگایان نەداونو دەریانپەراندون. تیرۆری ابو امیر هەولیکە بۆ لابردنی کوسپیك لەبەردەم جموجۆل‌و تاوانکاری ئەو هیزە تائیفیانە.

بە تیرۆری ابو امیر ئەمریکاو حکومەتی دەستسازی تاوانیکی گەورەی تازەیان خستە سەر خەرمانەی تاوانەکانیان. لە کۆمەلگایەکدا کە نوقمی نائەمنیو تینوی ئەمنیەتە، دەستی تاوانیان گەیاندە گیانی ئەو خەباتکارە جەسورەی کە رەمزی ئەمنیەت‌و ئامان بوو بۆ خەلکەکەی.

پیویستە بەرەی متەمەدنی دنیا و خەلکی تینوی ئازادیو رزگاریو ئەمنیەت، لە دژی ئەم تاوانە درندانەیە دەنگ هەلبرن. دەنگهەلبرین لە دژی ئەم تاوانە دەنگهەلبرینە بۆ ئەمنیەت‌و ئازادیو ئینسانیەت. دەبی هەموو هەولیك بۆ وەلامی شایستەی ئەم تاوانە بەگەربخریت، دەبی تاوانبارانی ئەم تاوانە درندانەیە بناسرینو بە سزای خۆیان بگەن، دەبی کۆنگرەو هیزی ئەمان ریزی خۆیانو هیزی خۆیان مەحکەمتر بکەنو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم جۆرە ملهوریە کە بەردەوام دوپاتدەبیتەوە ئامادەیی پیویست بەدەستبهینن. وا دیارە بەو رادەیەی کۆنگرە بوە بە جیگای ئومیدی خەلکی ئازادیخواز، بە هەمان رادەش بووە بە چقلی چاوی هیزی داگیرکەرو بەکریگیراوانیو پیلانی لە دژ دادەریژن. دەبی ئامادەبین بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانەکان.

درود بۆ گیانی ابو امیرو هەموو گیانبەختکردوانی ریگای ئازادیو قوربانیانی جەنگ‌و داگیرکاری عیراق.

بژی هیزی ئەمانو شەکاوە بیت ئالای کۆنگرەی ئازادی عیراق.

**ریبوار ئەحمەد**

سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق

6ی تموزی 2007